# ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە (وەسفی – شیکاری)یەوە بۆ (تاک میتۆدی)

د. فوئاد ڕەشید
(زانکۆی سەلاحەددین — کۆلێژی پەروەردەی بنیات)

لە وتاری (ئەفسانەی ڕێبازی وەسفی- شیکاری لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەکادیمی کوردیدا) لەڕووی ئاماژەدان بە میتۆدی کاری ڕەخنەییەوە، باسی ئەو هەڵە میتۆدۆلۆژییەی نێو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیمان کردووە، کە لە زۆربەی توێژینەوەکاندا بەدی کراوە، ئەوەش بریتی بوو لەوەی سەرەڕای جیاوازیی بابەتی توێژینەوەکان وەک (وێنەی شیعریی، تەکنیکی گێڕانەوە، ئایدیۆلۆژیا، ڕەهەندی دەروونی، بنیادی ڕووداو.....)، کەچی لە هەمووی هەر نووسراوە سوودیان لە ڕێبازی (وەسفی- شیکاری )بینیوە.

ئاشکرایە ئەم جۆرە ئاماژە پێدانە نیشانەی گرفتێکی میتۆدۆلۆژییە لەنێو توێژینەوە ڕەخنەییەکاندا و پەیوەستیشە بە چۆنێتی و چەندایەتی ئاستی تێگەیشتنی (ڕەخنەگر -توێژەر) لە بەرانبەر میتۆبەندیی کارەکەی.

ئەگەرچی لەدوای بڵاوبوونەوەی وتاری ناوبراومانەوە، چەندان توێژینەوەی دیکەش بەهەمان هەڵەی میتۆبەندییەوە بڵاوکراونەتەوە، بەڵام خۆشبەختانە ماوەیەکە هەندێک لە توێژەرانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، لە ئاماژەدان بە ڕێباز و میتۆدی کارەکانیان، وردتر و بەرچاوڕوونتر، ئاماژە بە میتۆدی کار لەسەرکراوی نێو توێژینەوەکانیان دەدەن، نانووسن ڕێبازی (وەسفی- شیکاری)، بەڵکوو ئاماژە بە میتۆدێکی ڕەخنەیی دیاریکراو دەدەن وەک (سیمۆلۆژیا،

شێوازناسی، بنیادگەری، هەڵوەشانەوەگەری)، یان ئاماژە بە زاراوەیەکی ڕەخنەیی دیاریکراو دەدەن وەک (فرەدەنگی، گۆشەنیگا، دەقئاوێزان، جیهانبینی... تاد)، یان ئاماژە بەناوی تیۆریزەکارێکی ڕەخنەیی دەدەن کە لە کارەکەیاندا پشتیان بە ڕوانینەکانی بەستووە وەک (لۆسیان گۆڵدمان، یۆری لۆتمان، ڕۆلان بارت، ئۆسبنسکی، ڕۆجەر فاولەر، میخایل باختین...).

ئەم جۆرە ئاماژەپێدانە میتۆدبەندییە، لەچاو نووسینی (وەسفی- شیکاری) وردتر و دروستتریشە، بەڵام ئەمەش لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە.

ئەرێنییەکەی لەوەدایە کە بۆ ڕەخنەگر و خوێنەریش سنووردارییی توێژینەوەکەیە لەڕووی میتۆدبەندییەوە، لێرەوە چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت بەپێی میتۆدی کارلەسەرکراو، توێژینەوەکە پراکتیزە کرابێت و بەئەنجامیش گەیشتبێت.

لایەنی نەرێنیشی- لەڕووی کارکردنەوە- لەو خاڵە گشتییەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەقی ئەدەبی خۆی بوونێکی فرەڕەهەندیی هەیە، هەڵبژاردنی تەنیا میتۆدێک، یان زاراوەیەکی ڕەخنەیی، لەتواناییدا نابێت تێکڕای ڕەهەندە دیار و نادیارەکانی دەق شی بکاتەوە. ڕاستە ئەم سەرنجە ڕەخنەییە لەسەر ئەم توێژینەوە ڕەخنەییە تاکڕەهەندانە هەیە، بەڵام ئۆباڵی بەشێکی تاکڕەهەندییەکە، دەکەوێتە ئەستۆی سروشتی ڕەخنەی ئەدەبی ئەکادیمی کە توێژەر ناچاری سنوورێکی دیاریکراو دەکات، چ لەڕووی میتۆتبەندی و چ لەڕووی ناوەڕۆک، تەنانەت ئەندازە و قەبارەی توێژینەوەکەشەوە.

لەم نووسینەدا زیاتر مەبەستمان لە خودی ئاماژەدانەکەیە بە میتۆدی توێژینەوەی ڕەخنەیی. ئەم جۆرە ئاماژەدانە دیاریکراوانە، دروستترن لە نووسینی گشتگیرانەی ڕێبازی (وەسفی- شیکاری)، هەر نەبێت، ئاماژەدانێکی بابەتی و زانستییە، ئیدی لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا لەڕووی پراکتیکەوە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ئەمەشیان بابەتێکی گرنگە و شرۆڤە و شیکردنەوەی خۆی هەیە.

*** ئاماژەدانی میتۆدبەندی و پراکتیزەکردنی:**

ئاشکرایە ئاماژەدانێکی ورد و دەستنیشانکراو بە میتۆدی پەیڕەوکراو لەنێو هەر توێژینەوەیەکدا، مەرجێکی زانستیبوونی کارەکەیە، ڕوویەکی باشی ئەوەیە هۆشمەندیی ڕەخنەیی ڕەخنەگر بەدیار دەخات، بەڵام خودی ئەم ئاماژەدانە، ڕەخنەگر دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتییەوە لە ئاست چۆنێتی و چەندایەتی میتۆدبەندیی توێژینەوەکەیەوە، چونکە (خوێنەر- ڕەخنەگری دووەم) لە گۆشەی ئەم ئاماژەدانەوە، توێژینەوەکە دەخوێنێتەوە و هەڵی دەسەنگێنێت. بەداخەوە لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەکادیمی کوردی، لەم لایەنەشەوە، زۆرجار بەوردی و زانستییانە کار نەکراوە، (*) بۆنموونە:

- توێژینەوە هەیە گوایە پەیڕەوی لە میتۆدی دەروونشیکاری کردووە، دەبینی ئەنجامەکەی بریتی بووە لەوەی شاعیر وێنەی شیعری جوانی دروست کردووە و زمانی دەقەکانی، هەندێکی کوردییەکی ڕەوان بووە و هەندێکیشی تێکەڵە بە وشەی بیانی!

- توێژینەوە هەیە، بەقسەی توێژەرەکەی سوودی لە کۆمەڵناسی ئەدەبیات بینیوە! ئەم میتۆدە چەندان ئاڕاستەی جیاواز (مارکسی، لۆسیان گۆڵدمان، ڕۆبێر ئیسکاربیت، پێرزیما....) لەخۆ دەگرێت، پێمان ناڵێت بەپێی کامە ئاڕاستە کاری کردووە، ئەمەش لێڵییەکی میتۆدبەندیی لێکەوتووەتەوە.

- توێژینــەوە هەیــە، توێژەرەکــەی نووســیویەتی پەیــڕەوی لــە ڕێبــازی شــێوازگەری کــردووە و شرۆڤەیەکی تیۆریــی تێروتەسەلیشــی بــۆ ڕێبازەکــە کــردووە، کەچــی ئەنجامەکانــی توێژینەوەکــەی لــە شــەش خاڵــدا، یەکێکیــان پەیوەســتە بــە ڕێبازەکەیــەوە! ئەمــە جگــە لــەوەی لەنێــو ئاڕاســتە جیاوازەکانــی شێوازناســیدا، ئامــاژەی بــە ئاڕاســتە و تیۆریزانێکــی دیاریکــراو نەکــردووە!

لــەم نموونــەدا مەبەســتمانە بڵێیــن، ڕاســتە لێــرەدا ئاماژەدانێکــی دیاریکــراو، هەنــدێ جاریــش دروســت هەیــە بــە میتــۆدی کارلەســەرکراو، بــەڵام بــە زانســتییانە و بابەتییانــە جێبەجــێ نەکــراوە.

*** ڕەخنەگری کــورد و هەڵبژاردنــی زاراوەیــەک، یــان میتۆدێکــی ڕەخنەیــی:**

کاتێــک توێژەرێــک، ڕەخنەگرێــک، بڕیــاردەدات کــە کارە ڕەخنەییەکــەی لەســەر بنچینــەی زاراوەیەکــی ڕەخنەیــی، یــان میتۆدێکی دیاریکراو جێبەجــێ بــکات، پێتڤییــە ڕەچــاوی چەنــد خاڵێــک بــکات:

- تێگەیشــتنی ورد و دروســتی زاراوەکــە، یــان میتــۆدە ڕەخنەییەکــە وەکــوو خــۆی.

- ئــەم تێگەیشــتنە، هــاوکار دەبێت بۆ پراکتیزەکردنێکی دروستی زاراوەکە، یان میتۆدەکە.

- زۆربــەی توێژەرانــی کورد زۆر بە چاوی پیرۆزییەوە، مامەڵەیــان لەگــەڵ ئــەو میتــۆدە ڕەخنەییــە کــردووە، کــە لــە توێژینەوەکەیــان پەیڕەویــان کــردووە، بــەو مانایــەی بــە هیــچ شــێوەیەک باســی کێماســی و لایەنــە نێگەتیڤەکانــی ئــەم میتــۆدە ناکــەن و بەشــێوەیەکی کلێشــەیی و وەک قاڵبێکی ئامادەکراو، دەقــی ئەدەبی کــوردی دەخەنــە نێــو ئــەم کلێشــەیەوە.

- پێویســتە لــە دیــدی وشــیارییەکی ڕەخنەییەوە، بڕوانینــە چەمــک و زاراوە ڕەخنەییــەکان کە زۆربەی زۆریــان زادەی ژینگــە و فەزایەکــی جیــاوازن لــە فــەزای لانکــە و بنکــەی ئەزموونــی ئەدەبــی دەقــی کــوردی. ئاشــکرایە دەقــی ئەدەبــی، زادەی چوارچێوەیەکــی مێژوویــی و کولتوورییــە و بــە شــێوەیەک لــە شــێوەکان، موتوربــە کــراوە بــە تایبەتمەنــدی و ئــەدگاری ئــەم چوارچێوەیــەوە، بۆیــە گوتــاری ڕەخنەییــش لێــرەوە دابــڕاو نییــە لــەم هەلومەرجــە. لــەم هاوکێشــەیەدا دەرفەتێــک بــۆ (توێــژەر- ڕەخنەگــر) هەیــە خوێندنــەوەی خــۆی هەبێــت و بوێریــی ڕەخنەگرتنــی هەبێــت لەهــەر میتــۆد و زاراوەیەکــی ڕەخنەیــی، ئەگــەر بینــی تــەواو لــە خزمەتــی ئەزموونــی ئەدەبــی دەقــی کوردیــدا نییــە، چونکــە مــەرج نییــە ئێمــە بــە شــێوەیەکی میکانیکــی ئــەو میتــۆد و زاراوانــە بــە زۆر بەســەر دەقــی کوردیــدا بســەپێنین.

دەبــێ ئــەو ڕاســتییەش فەرامــۆش نەکەیــن کــە هەڵبژاردنــی هــەر میتــۆد و زاراوەیەکــی ڕەخنەیــی، یــان ناوهێنانــی هــەر تیۆریزەکارێکــی ڕەخنەیــی، لەســەر بنەمــای ئامانــج و پرســیاری توێژینــەوە دەبێــت، نــەک بــۆ لاســاییکردنەوە و مکیاژکردنــی توێژینەوەکــە بەنــاوی هەنــدێ توێــژەری بەناوبانگــی ئەورووپــی و ئەمریکــی.